# بۆ برای بەڕێزم فەهەد گردەوانی

سەلام عەبدوڵڵا

هەفتەنامەی رێگای کوردستان(لاپەڕەی 4، ژمارە687 لە 19ی نیسان/2006)وتارێکی بەڕێزتان بلاّوکردووەتەوە لە ژێر ناوی(مێژوونووس ئێرڤینگ بوێرە و سیخوڕ ئێلی کۆهین پاڵەوان).

یەکەم جار پرسیار دەکەم: ئایا بەدرۆخستنەوەی بەکۆمەڵکوشتنی جووەکان لەناو فرِنە گازەکانی هیتلەر لە ئاوسشفیتس- بیرگناو، بوێرییە؟! ئایا نگوڵیکردنی مێژوونووسێك لە کۆمەڵکوژی ئەنفال لەلایەن سەددامەوە، بوێرییە؟!

نەخێر، ئەوە بوێری نییە، بەڵکو تاوانە و ئەگەر کاك فەهەد دەزانیٚ، بوێریش، ئایا پێویست دەکات کۆمونیست و چەپەکان"بوێری نازییەکان" بکەن بە نموونە بۆ خۆیان و پێداهەڵدەن؟

من گلیەیی لە رێگای کوردستان ناکەم، چونکە مەرج نییە ئەوان(ئێرڤینی)نازی بناسن، بەڵام نەدەبوو کاك فەهەد هەڵویستی نازییەکان بەرزهەڵسەنگێنیٚ لە کاتێکدا دادگای نەمساوی و ئەڵمانیش بۆچوونە تاوانبارییەکانی(ئیرڤین) قبوولٚ ناکەن و بەکەسێك ناسراوە کە هەولٚ دەدا حیزبەکی هیتلەر زیندووبکاتەوەو رێك ئەو ووتارە بۆ هەفتەنامەیەکی شیوعی بنێرێت.

ئومێدەوارم جارێکی تر بایەخ نەدەن بە هەڵویستی خوێناوی نازی و فاشیستەکان.